کتێب\ گۆڤاری مەزنەکان لە هەزرەکەوە دەست پێ دەکەن.. ئەمجەد شاکەلی

(لێگەڵ ئەحمەد بین بیلالدا بەرەو جیهانێکی نوێ)

نووسەر: ئەمجەد شاکەلی
بابەت: باس و لێکۆڵینەوە
دیزاینی بەرگ: ئیسڵا کەمال
دیزاینی ناوەوە: خەبات عارف
چاپخانەی: کارۆ، سلێمانی، کوردستان

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

AmjadShakaliDownload

چیرۆکی "هەر دەمەوێ".. ئازاد ئەحمەد ئەسوود.. بۆ یادی تاهیری خەلیلی

بۆ یادی تاهیری خەلیلی

ساڵی 1982 لە گوندی (شنێ)ی نزیك زێێ و ناوزەنگ لەسەر سنووری ئێران پێشمەرگە بووم، شیعری (هەر دەمەوێ)م لە گۆڤاری (ڕاپەڕین) بڵاو کردەوە، کە گۆڤارێکی سیاسی و ئەدەبی بوو چەند ژمارەیەکی کەمی لە دەرچوو. پاش ماوەیەك بیستمەوە کە هونەرمەند تاهیری خەلیلی ئاوازی بۆ دانێ. لەناو شێشدا جگە لە تاهیری خەلیلی، دوو هونەرمەندی تریش خەریکی ئاوازدانان بوون بۆ ئەو شیعرە: لاڵە نجدەر و، هونەرمەندکی تر کە خەکی گێێکی ێێحیماوای کەرکوك بوو (ناوەکەیم بیر چەتەوە) لە ناوەندیی کەمێێی ێێنجدەران لە ناوزەنگ پێشمەرگە بوو. بەڕام دواجار تاهیری خەلیلی کارەکەی

ئەنجام داو، پەم وایە پاش تەمار کردنی گرانیەکە دوو هونەرمەندەکەی تر وازیان هێنا.

لە کۆتایی ساڵی 1982دا بەهەی نزیك بوونەوەی شۆڕشی عێراق-ئێران لەو سنوورە، سەرکردایەتیی یەکێتی ئەو ناوچەیەیان چۆڵ کرد و گواستیانەوە سەرگەڵوو و بەرگەڵوو و، هەزەکانی پێشمەرگەش دابەش بوونە سەر چوار مەڵبەند. من لەسەر داوای خەم گواستراموە مەڵبەندی چوار لە باڵیسان، بۆ ئەوەی بەشی ئاگەیاندن (ئیعلام) لەو مەڵبەندە دامەزرێنین. ئاگەیاندن بەرفراوان بوو و زۆرێك لە نووسەرو ڕۆژنامەوان و هونەرمەندانی ئەو دەڤەرەی لەخۆ گرت. جگە لە من؛ مەریوان وریا قانع، ئیبراهیم عەلی ئەحمەد (بەندی شەوکار)، هونەرمەندی ئاوازدانەرو کەمانجەژەن مەجید خۆشناو، هونەرمەندی گرانیبەژ عەلی عەزیز خاوەن گرانیی"ئەی کچە کوردی کەرکوك" و ئەندامی تیپی مۆسیقای سەلاف/کەرکوك بوو، قەنبەری کمانجەژەن ئەویش هەر ئەندامی تیپی مۆسیقای سەلاف بوو لە تەلەڤزیۆنی کەرکوك، هونەرمەندی گرانیبەژ مونیر نوری (ناسراو بە مونیر ئاری)، سیار بادینی، شاهین (کوردی باکور بوو)، دکتۆر سالار مستەفا، عەباس ئیسماعیل حەمەد ناسراو بە "عەباس نیووتن" و چەند پێشمەرگەیەکی دی، بەرپرسی ئاگەیاندنیش حاکم پێشەوسەید برایم بوو. وشیاری براشم لەگەڵ ئیمەدا بوو بەهام ئەو چووە بارگایەکی تر. عەباس نیووتن، ئەو نازناوەی لەخۆا لە نەرابوو، ئەو خەی دەرچووی بەشی فیزیا بوو، نامیلکەیەکی بە چاپ گەیاند تیایدا ڕەخنە لە یاسای سەیمی ئایزەك نیووتن لە جووڵانەوەدا ئەگرێ. ئەوسا دەنگەی ئەوە هەبوو کە لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بانگهێشتی عەباس کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەخنەکەی لە نیووتن. عەباس بە سەلماندنی تیۆریەکەی خەی کەمەڵە هاوکێشەی لە نامیلکەکەیدا بەکار هێنابوو. مەریوان قانع و ئیبراهیم (بەند) بە پەکەنین ئەیانووت لە ڕووسیا کاتێ زاناکان بە هاوکێشەکانی عەباسدا ئەچنەوە پەی ئەڵێن کورە ئەوە چیت کردووە؟ ئەوە زائید نییە، ناقسە! عەباسیش لە ناوچەوانی خەی ئەدا: ئاه!!

لەپاش شۆڕشی باڵیسان، کە لە مانگی چوای ساڵی 1983دا لەنێوان یەکێتی و بەڕی جووددا ڕووی دا بە ماوەیەکی کەم، بارگاکەمان گواستەوە گوندی (کانی بەرد)ی نزیك باڵیسان. ژوورێکمان تەرخان کردبوو بە تایپایتەرو ڕۆنیەو ستێنسڵ و ئەو شتانە، هەڵکیش بە ئامێرو کەرەستە مۆسیقیەکانی وەکو کەمانجەو ئەرگ و ئەکۆردیۆن و ئیقاع و.. هونەرمەندان پرۆڤەی گرانی و مۆسیقایان تیادا ئەکرد.

تاهیری خەلیلی ئەوسا لە نەوان سەرکردایەتی و بالیساندا هاتوچۆی ئەکرد. لە سەرکردایەتی لەگەڵ (تیپی مۆسیقای شەهید کارزان)دا گەرانیی ئەووت. کە ئەشهاتە بالیسان مانگەك یان پتر لەلامان ئەمایەوە و لەگەڵ مەجید خۆشناوو مونیر ئاری و ئەواندا شەوان لە هۆڵی مۆسیقادا پرۆڤەی گەرانییان ئەکرد. تاهیر کە گەرانیی ئەووت خۆشکی کانی بەرد هەموو گۆیان لە ئەبوو. هەندێ جاریش بە شەو کە لە بالیسانەوە ئەهاتینەوە بە کانی بەرد تاهیری خەلیلی بەدەم ئاوە بە دەنگە بەرزو زۆرەکەی گەرانیی ئەووت لە هەموو دۆڵی بالیسان دەنگی ئەدایەوە. ئەوسا تازە دەنگی موفاوەزات (دانوستان) هەبوو لە نەوان یەکێتی و ژەمی بەغدادا، تاهیری خەلیلی هاتوچۆی سلەمانیی ئەکردو، لەگەڵ (تیپی مۆسیقای مەولەوی)دا کاسێتکی تەمار کرد کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵە گەرانی، لەوانە گەرانیی "هەر دەمەوێ".

جارێکیان هاتە لام و وتی ئاوازی گەلانیێکم داناوە شیعری خۆمە بۆکو بەم بنووسیتەوە. وتم ئەی خێت نەتنووسیوتەوە؟ وتی من سەوادم نییە!. من تووشی شۆك بووم، خوێندەواریی نییەو ئەو شیعرو ئاوازە جوانانەش هەر بە سەلیقە دائەنێ. ئەو شیعرکەی ئەووتەوەو من ئەمنووسی. شیعری هەزی پشمەرگە "لە قەندیلی سەربەرزەوە" بوو. جارێکی دیش هات و شیعری "شیرین"ی پێ نووسیمەوە. وتم ئەم شیعرە لەووی کەشەوە لەنگە، هەندێ دەسکاریی کەش و سەروای شیعرکەم بە کرد، بەڵام ئەو هەندە لەو دەستکاریانەی بەدە نەبوو، لەبەر ئەوەی ئاوازکەی پێش شیعرکە دانابوو. ساڵانی دواتر هەندێ دۆی لە گەرانیی لە قەندیلی سەربەرزەوە گۆی. لەوانە بە نموونە:

هاوڕێ ئارام لەبیر مەکەن

ڕێگای لینین قەت بەرمەدەن

کە پاشان کردی بە:

هاوڕێی شەهید لەبیر مەکەن

ڕێگای قازی قەت ون مەکەن

هەروەها ڕەخنەمان لەو کێپلەیەی گەرانییەکە گرت کە ئەڵێ:

هەزی پشمەرگە نابەزن

هەموو شۆشگێڕن ئەمڕۆ

وەك ئەوەی هەزی پەشمەرگە پەشتر شەشگەە نەبووبن.

ساڵی 1983 هاوڕێی شاعیرم مارف عومەر گوڵ لە شارەوە هاتە لامان بە باڵیسان دوو شیعریشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، داوای لە کردم بە ناوی (دلاوەر مەحمووود)ەوە لە بڵاوکراوەکانی شەش بڵی بڵاو بکەینەوە. ئەوانیش شیعری "قەچی قوربانی وەاتم سوتەمەنیی ڕۆی خۆباتم" و "سروودی ئاپۆین: ژیان وەرزێکە کورت یا درێژ" بوو. من شیعرەکانم دا بە تاهیری خالیلی. مەجید خۆشناو ئاوازی بۆ دانان و تاهیریش بە دەنگی خۆی لەگەڵ کەمەڵە گۆرانیی دیکەدا ساڵی 1984 لە کاسێتی دووەم تۆماری کردن.

هاوینی ساڵی 1984 بەهۆی موفاوەزاتەوە هاتوچۆی نێوان شاخ و شار ئاسایی ببوو، من و تاهیری خالیلی و دکتۆر سالار مستەفا سەفەرێکی سەر سنووری ئێرانمان کرد بۆ لای حیزبە کوردی و ئێرانییەکانی ئۆپۆزیسیۆن. سەردانی کەمەڵەی زەحمەتکێشان و حیزبی دیموکرات (حدکا) و موجاهیدینی خالق و زەر لایەن و کەسایەتیی نیشتمانیمان کرد، لەوانە شێخ عیزەدین حوسەینی، جەعفەری شەفیعی، هەروەها شاعیری "پێشمەرگەی کەمەڵە وەك پەڵەان". هەمووان زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە کردین. هەفتەیەك لەو دەڤەرە ماینەوە. تاهیری خالیلی کەسێکی ناسراو بوو لەناویانداو هەموو ڕێزیان لە ئەگرت. شەوان لە مەقەڕی ئە حیزبانەدا هەموو لەی کە ئەبوونەوە گۆرانی و سروودی بە ئەووتن. بڵاوکراوەی حیزبەکانمان کە ئەکردەوە وتووێژی سیاسیی دوورودرێژمان لەگەڵدا ئەکردن. جارێکیان دکتۆر سالار پرسیاری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتای لە برادەرانی موجاهیدینی خالق کرد، ئەوان وتیان بڵای ئەمەوە دیکتاتۆریەت هەر دیکتاتۆریەتە، هی پرۆلیتاریا بە یان بۆرژوا، ئەمە هەموو جۆرە دیکتاتۆریەتێك ڕەت ئەکەینەوە… ئەوسا ئەو بیرۆایەی ئەوان بە ئەمە ببووە مایەی پێکەنین.

لە گەڵانەوەماندا لەو سەفەرە، تاهیری خالیلی لەگەڵما هاتەوە کرکوك، چەند شەوێك لەماڵی ئەمەدا مایەوە. بە ئۆتۆمبێلەکەی ئیبراهیم (بەند) هەموو کرکوك گەڕاین. وتی بمبەن بۆ لای خانووە قوڕکان. بردمان بۆ گەڕەکی شەریجەو بۆ لای خانووە قوڕکان. چەند شەوێکی دیش لەماڵی ئیبراهیم مایەوە. ڕۆژێکیان ئیبراهیم و براکانی تاهیری خالیلییان بردبوو بۆ حەمامێکی پریادی. تاهیر لە حەمام دەستی بە مۆقام چێین کرد، ئەوانیش لەوە خێیان ئەشەرد، کە زەربیان تورکمان بوون، هێندە سەرسام بوون بە دەنگی تاهیر هەموو لە دەوری کەبوونەوەو گوێیان لە ئەگرت.

تاهیری خەلیلی ساڵانی هەشتا لە هەموو ئاهەنگەکانی ناو شەش بەشداریی کرد، لەوانە ئاهەنگی سورداش لە نەورەزی 1984 کە لەوەدا سرووەدی "لە قەندیلی سەربەرزەوە"ی وت و مام جەلال کە ئامادەی ئاهەنگەکە بوو دەمانچەیەکی پێشکەش کرد. ئاهەنگی یەکی ئایاری هەمان ساڵ لە گوندی توتمە لە دەڤی بالیسان لەگەڵ هونەرمەند حەمە جەزاو کەمەڵە گەرانیبێژی دیدا. ئاهەنگی یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی لە گوندی شێخ مەحموود لە قەڵادزێ. چلەی شەهید سەید کەریم لە بالیسان ساڵی 1985. تیپی مەسیقاش بریتی بوون لە؛ مەجید خەشناو و قەنبەر بە کەمان، مونیر ئاری بە ئەکەردیۆن، وشیار ئەسوەد بە ئیقاعی دوو تەپڵی کە پێی ئەڵێن بانگەز، کەمەڵە مەسیقاژەنی دیش.

لەپاش تەکچوونی موفاوەزات و دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاوە هەتا کۆچی دوایشی کرد تاهیری خەلیلیم نەبینییەوە.

ئێستا حەمە جەزا وعەلی عەزیز و قەنبەر و مونیر ئاری و مارف عومەر گوڤەرە و، دواجاریش تاهیری خەلیلی، هیچیان لە ژیاندا نەماون.

ماڵئاوا ئازیزان… زوو یا درەنگ پێتان ئەگەینەوە.

وێنەکە: تاهیری خەلیلی لە ئاهەنگی نەورەزی 1984 لە سورداش. لە پشتی تاهیرەوە ئەوەی کەمانجە ئەژنە مەجید خەشناوە ، ئەوەی ئەکەردیۆن ئەژنە مونیر ئاری.

ئازاد ئەحمەد ئەسوەد

تیۆری ئەدەبی مارکسیستی.. نووسینی: ک ئەحمەد عەلەم.. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

نووسینی : ک ئەحمەد عەلەم(*)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

تیۆری ئەدەبی مارکسیستی کە لەسەر بنەمای مارکسیزم دامەزراوە؛ یەکێکە لە کاریگەرترین تیۆرییە ڕەخنەییەکان بە شیکردنەوەی ئەدەب. مارکسیزم ئەو قوتابخانە فیکرییەیە کە هەریەک لە کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) و فریدریک ئینگڵس (١٨٢٠-١٨٩٥) دایانمەزراندووە و تیۆری ئابووری خۆشیان ناو ناوە کۆمۆنیزم. مارکس و ئینگڵس لە نامیلکەی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا ساڵی ١٨٤٨دا هاتنی کۆمۆنیزمیان ڕاگەیاند. مارکسیزم تا ئێستاش گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە بەو پێیەی ڕەگەزێکی ماندارمان پێدەبەخشێت بۆ تێگەیشتن لە مێژوو و ئەدەب و ڕووداوەکانی ئێستا. مارکسیزم دەست و پەنجە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و کۆمەڵگە و مێژوو و ئابووری نەرم دەکات. مارکسیزم ئابووری وەک بنەمایەک دەبینێت کە سەرخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەسەری بنیات دەنرێت. بە واتایەکی تر، یەکێک لە پێشمەرجە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم، هەڵومەرجی مادییە کە ئاماژەیە بۆ هەڵومەرجە ئابوورییەکان و کە وزەبەخشی ئەتمۆسفیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییە کە پێی دەوترێت دەخی مێژوویی. هەروەها مارکسیزم تیشک دەخاتە سەر دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵایەتی ئابووری (هەبووەکان بەرژوازی و نەبوونەکان پرۆلیتاریا) دەبێتە هۆی ململانێی چینایەتی کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی پڕ دەناسرێتەوە. بەنسبەت مارکسیزمەوە ئایدیۆلۆژیا بیرۆکەی حوکمڕانی چینی دەسەڵاتدار یان سیستەمی بیروباوەڕە یان هەموو سیستەمە باوەڕییەکانە کە بەرهەمی هەلومەرجی کلتوورین. بە نموونە سەرمایەداری، کۆمۆنیزم، ئایین و هتد سادە نین، بەڵکو بە سروشتی ئەو بناغە ئابوورییەی کە بە دیتەرمینیزمی ئابووری ناسراوە، لە قاڵب دراون.
بەپێی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی ئەم دیاردەگەلی وەک ژنرخان، سەرخان، دیتەرمینیزمی ئابووری و ئایدیۆلۆژیا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەخۆدەگرێت. مایکل ڕایان ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بەم شێوەیە پێناسە دەکات (تێگەیشتنە لە ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی ئەدەب لەگەڵ هەستکردن بە ئەنجامە سیاسییەکانییەوە). ئاشکراشە کە جۆشۆنی چینایەتی کۆمەڵایەتی نووسەر و ئایدیۆلۆژیای باوی کۆمەڵگەکەش لەبەرچاو دەگرێت.

بیرمەندی مارکسیستی فەرەنسی، لویس ئالتوسەر (١٩١٨-١٩٩٠) بەشداریەکی زۆر لە ڕەوانگەی مارکسیستیدا دەکات و بیرکەکانی بە ڕوونی قەرزاری پێکهاتگەرایین. لویس تیۆریزەی ئەو دۆکات کە ئەنجام لە کۆمەڵە هەکاری جەراوجۆرەو لەسەرووی دیتەرمینیزمەو سەرهەڵدەدات. لە چەمکی سەربڕخۆیی ڕەهایشدا، پشتیاری ئەو دۆکات کە سەرەتای پەیوەندی نێوان کلتوور و ئابووری، هونەر تا ڕادەیەک سەربڕخۆیی لە هەزە ئابووریەکان هەیە. ئایدەلۆژیا چەمکێکی سەرکیە بە ئالتوسەر وەک هەر مارکسیستێکی دیکە. ئالتوسەر پەیوایە ئایدەلۆژیا سیستەمی (خاوەنی لۆژیکی تووند و دروستی خۆیەتی) کە نوێنەرایەتی (وێنە، ئەفسانە، بیرکە یان چەمک بەپێی کێسەکە) دۆکات و بڕخشراوە بە بوون و ڕۆڵی مێژوویی لە نێودی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا. لویس لە کتێبی (نامەیەک سەبارەت بە هونەر)دا پەیوایە کە هونەر لە شوێنێک لە نێوان ئایدەلۆژیا و مەعریفەی زانستیدا هەڵکەوتووە. ئەو وای دەبینێت کە بەرهەمی ئەدەبی نە تەگەیشتنێکی تەواو لە جیهانی ڕاستەقینە دەدات بەدەستەوە و نە بە سادەیش دەربڕینی ئایدیەلۆژیای چینێکی دیاریکراوە. بەڵام ئاگادارمان دەکاتەوە لەو ئایدەلۆژیایەی کە هەم بوونی خۆی و هەم بوونی ئەمەش لە کۆمەڵگدا بەڵووە دەبات.
لە ڕاستیدا ئالتوسەر دەستکاری مارکسیزمی ئەرسەدەکس دەکات. بە ئەو لامەرکەزی زاراوەیەکی سەرکی ترە کە ئاماژەیە بە ئەو پێکهاتانەی کە هیچ جەوهەر و فۆکەس و ناوەندێکیان نییە. کەواتە هونەر ئەتەنامیەکی ڕۆژیی هەیە و هیچ یەکێتیەکی گشتی نییە. ئالتوسەر زیاتر تیۆریزەی دۆکات و دۆخێت کە ئایدەلۆژیا لە ڕۆگەی ئامێری دەوڵەتی ئایدیەلۆژی وەک سیستەمی سیاسی، یاسا، پەروەردە، ئایینی ڕێکخراو و تاد کار دەکات. ئەوەی ئەمە دەیکەین یان باوەڕمان پێیەتی؛ ئایدیەلۆژیە. تێنانەت کاتێک ئەمە پەمان وایە کە ئەمە بەپێی ئیرادەی ئازادی خۆمان مامەڵە دەکەین، بەڵاستی ئەو بەپێی ئامێری دەوڵەتی سەرکوتکەر پۆلیس، سوپا، زیندان و هتد)کار دەکەین. بەڵام ئایدەلۆژیاش وەک دیموکراسی وامان لەدۆکات لەووی تیۆریەوە هەست بە ئازادی بکەین، بەڵام لەووی پراکتیکەوە دەستوپەمان بەستراوەتەو. لەڕەدا وەک ئالتوسەر دۆخێت ئینتەرپۆلاسیۆن زاڵ دەبێت . ڕەمانێک وا لە بینەرکەی دۆکات هەست بکات کارکتەرکان لەو جیهانەدا کە لە دۆقکەدا وێنا کراوە ئازادن بەڵام لە چنگی ئایدەلۆژیایەکیشدان.
پێش ئالتوسەر، مارکسیستی ئیتاڵی ئانتۆنیۆ گرامشی (١٨٤١-١٩٣٤) زۆر بە شێوەیەکی بەرچاو سەرنجی لەسەر هێژموون بوو کە دەبێتە پرسکی دیکەی جەوهەریی لە ڕۆخنەی ئەدەبیدا. بە گرامشی هێژموون بریتییە

لە تەواوی پرسەی کۆمۆنایەتی ژیاو وەک ئاوەی بە شێوەیەکی پراکتیکی بە مانا و بەها و بیروباوەڕەی تایبەت و باڵادەست؛ کەوا بە جۆرێک ڕێکخراوە کە دەتوانرێت وەک جیهانبینی یان ڕوانگەی چینایەتی ئەبستراکت بکرێت. بەیە تایبەتمەندی ئەلتوسێری ئایدیۆلۆژیایە کە پەیوەندییەکی نزیکی بە چەمکی هێژمووندیەوە هەیە.

ڕیمۆند ویلیامز (١٩٢١- ١٩٨٨) لە کتێبی (مارکسیزم و ئەدەب)دا هێژموونی کلتوور بە گشتی و ئایدیۆلۆژیا بە تایبەتی پێکەوە دەبەستێتەوە. هێژموون وەک فۆرمێکی ناوکیی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وایە کە هەندێک بڕوون دروست دەکات کە پەدچێت سروشتی و نەبێنراو بن. ئەم ئاو فۆرمیە کە ئاڵتوسێر بە ئینتەرپەلاسیۆن ناوی دەبات وەک پێشتر ئاماژەی بە کراوە. بە نموونە سەرمایەداری و دیموکراسی و هتد بە پێی ڕوانگەی ئاڵتوسێری ئینتەرپەلاسیۆنن. هەروەها هونەرمەند دەتوانێت سوود لە کەلەن یان پێچ وپەنای هێژموون لە نووسینەکەیدا وەربگرێت.

ڕێخنەگری مارکسیستی چۆن دەقێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە؟ ڕێخنەگری مارکسیستی ئەدەب وەک بەرهەمی هەلومەرجی ماددی مێژوویی دەبینێت. دەقی ئەدەبی ڕێنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە. هەروەها پەیوەندی نێوان دەق و مرۆڤەکان، یان ستەمکار و ستەملێکراو نیشان دەدات. ئەو لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ئایا دەقەکە ڕێخنە لە سەرمایەداری یان هەر ئایدیۆلۆژیایەک دەگرێت. ڕێخنەگر دەبێت لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا دەقەکە ڕێخنەیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری یان هاوسەز لەگەڵ کۆمەڵگەدا. کەواتە، ڕێخنەگر هەندێک پرسیار لەبەرچاو دەگرێت وەک ئایا بەرهەمی ئەدەبی ڕێخنەیە لە هەر ئایدیۆلۆژیایەک؟ مارکسیزم چۆن ڕێنگدانەوەی لەسەر کاری داهێنەرانە دەبێت؟ جگە لەوەش دەقی ئەدەبی لە ناوەڕۆک و شێوە پێکدێت. ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبیش دوو جۆرە: ناوەڕۆکی ئاشکرا (دیار) و ناوەڕۆکی شاراوە (نادیار). ڕێخنەگر ناوەڕۆکی شاراوە دەبەستێتەوە بە تەوەرە بنەڕەتییەکانی مارکسیستی وەک خەباتی چینایەتی و هەروەها ناوەڕۆکی دەقەکەش بە پێگەی چینایەتی کۆمەڵایەتی نووسەرەوە دەبەستێتەوە. ڕێخنەگر دیسانەوە گرنگی ژانری ئەدەبی لە ڕووی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتییەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەرهەمەکەی تیا هاتۆتە بەرهەم. بە نموونە کۆمەڵگەی فیۆدالی تراژیدیا بەرهەم دەهێنێت کە باس لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت دەکات وەک شانامەی شا لیری ولیەم شکسپیر.

ڕێخنەگری مارکسیستی بە ئاسوودەیی شا لیر وەک نوێنەرایەتی دراماتیکیی ململانێی چینایەتی نێوان دەسەڵاتی پاشایەتی و

هاوپەیمانییەکەی و سەرمایەدارە تازە سەرهەڵداوەکان واتە گەنەریل و ڤیگان و هاوسەرەکانیان دەبینێت. چینی سەرمایەداری لەگەڵ گەیشتن بەو زەویییە سەرهەڵدەدات کە پاشا پێشکەشی دەکات. خاوەندارێتی زەوی بەمانای نوێنەرایەتی دەسەڵات و سەرمایەیە، بۆیە بەهەزبوونی دوو خوشکەکە تەحەدای دەسەڵاتدارانی پاشا دەکەن. ئەوان مافی خودایی پاشایەتی یان دەسەڵاتی ژنەهای پاشا دەخەنە ژێر پرسیارەوە. بەڵام پاشا چاوەڕێی ئەوە دەکات کە تەحەدای نەکەن چونکە زلهێزەکان وا بیردەکەنەوە کە دامەزراوە و هاکوپێکییان تەحەدا ناکرێ. بە شێوەیەکی مەتافەریانە، لیر بەهەی دەسەڵاتەکەیەوە وەک خەی بانگەشەی بۆ دەکات، تووشی کۆربوون دەبێت. بۆیە ناتوانێت درک بەوە بکات کە دەسەڵات و مووک و مانای خەی لەدەستداوە بۆ ئادەستکردنی شانشینی خەی بۆ هەردوو کچەی کە بە دنیایەوە دەربڕینی خۆشەویستیان بۆ باوکیان بۆ کاڵا دەکەن. هەروەها پاشا ناشتوانێت واقیعی دەربارەی کچە بچووکەکەی کەردێلیا ببینێت. لە ئەنجامدا لە ئینگلتەرادا لە زەوی/دەسەڵات بەبەش دەبێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا گلەستەر ناتوانێت واقیعەکە ببینێت کاتێک ئینکاری کوڕە گەورەکەی ئەدگار دەکات. دواتر کەردێلیا کە نوێنەرایەتی ئەرستەکراسی دەکات هووبەووی بەرژوازی یان سەرمایەدارەکان (گەنەریل، هاگن و ئەدمەند) دەبێتەوە. لە ئاستیدا شالیر ململانێی نێوان ئەرستەکراسی و سەرمایەداریی تازە سەرهەڵدراودا بە وردی دراماتیزە دەکات. نێک هەر ئەمە، بەکو قۆیرانی ئەرستەکراسی هاوچەرخیش دەخاتە هووکە بەهەی لەدەستدانی دەسەڵاتی ئابووری خاکەوە دروست بووە، دواجاریش ئاشکرای دەکات کە سیستەمی کۆن و نابینا لەناو دەچێت، بەڵام لەناوچوونەکە دەستپێکی دیدگایەکی نوێتر و بەزەییتر و دادپەروەرتر دەخاتەهوو کە دەبێت دامەزرێت. تێری ئیگلتۆن لە کتێبی مارکسیزم و هاخنەی ئەدەبی (١٩٧٦)دا دەڵێت هاخنەی مارکسیستی؛ ئەدەب لە هووی ئەو بارودۆخە مێژووییانەی کە بەرهەمی دەهێنن، هەدەسەنگێنێت. بەڵام تەنیا هەڵسەنگاندنێکی کەمەناسییانەی ئەدەب نییە. ئەرکی هاخنەی ئەدەبی مارکسیستی، بریتییە لە تێگەیشتن لە ئایدەلۆژیاکان و بیرکەکان و بەها و ئەو هەستانەی کە لایەن خەکەوە لە سەردەمە جەراوجەرەکاندا و لە کەمەگەکانی خەیاندا ئەزموونیان دەکەن و هەروەها شیکردنەوەی هەر کارێکی ئەدەبییە بە شێوەیەکی تەواوەتی و ئەمەش بە واتای گرنگیدانێکی هەستیارە بە فەرم و شێواز و ماناکانی دەق.

(*)ک ئەحمەد عەلەم پرۆفیسەری یاریدەدەرە لە بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی نەرێرن لە بەنگلادیش.

سەرچاوە :
Marxist Literary Theory K. Ahmed Alam
The Daily Observer website published on Sunday July 5, 2015

فریشتەکانی بەفر ئاوێتەیەک لە (بڕین،خەم،ئازار، ناڵە و فرمێسک)ی گەلێک..
تێوشاندن(تعلیق) یوسف محەمەد بەرزنجی

لەدوای ڕەمانی لەخەومای جەمیل سائیب و مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختاربەگی جاف، ژانری ڕەمان لەنێو ئەدەبی کوردیدا سەری لە بەتەو جوغزی ڕەماندا، وەک بابەتکی گرنگ و بەکڕەک و پێویستی نەوەندەکە چالاکی بەخەیاڵ بینی ودەستی بەنەشونماکردن کرد و ئەدیبەکوردەکان دەستیان بە ژانری ڕەمان نووسی برد بە هەموو بەرتاقای جوانی و پە کەموو کورتییەکانییەوە، تا ساڵی نەوەدەکان ڕەمان نووسین زۆر لە گۆشەدا نەبوو، بەو واتاییەی ڕەمانە چاپکراوەکان زۆر نەبوون لەڕووی ژمارەوە، چونکە هەم حکومەتی بەعس ودەسەڵات ڕەگەریان لەگۆشەی ڕەشنبیری دەکردوو، هەم بەرهەمکان لەلەکەینەوەو تەوژینەوەو چیرەک و شیعر زۆر بەربەستی بەاوکردنەوەیان بەدروست دەکرا، ڕەماننووسینیش وەک ژانرەکی گرنگ لە بەردەم ڕەگەری و بەربەستی سانسەردا قوتاریان نەدەبوو، بۆیە وەک گوترا ژانرو بەرهەمی ڕەمان و چاپکردنی زۆر بەکەمی دەردەکەوت و کەم دەبینران و کەم کەم تاک وترا چاپ دەبوون.
بەڵام لە ساڵی دووهەزاردا بەرەو سەر نووسەران زیاتر گرنگی وئەوینیان بە ئەم ژانرە ئەدەبیە جواو گرنگیان بەنووسین و وەرگەڕانی ڕەماندا چەندین ڕەمانی جوان وشاکار نووسران و وەرگەڕدرانە سەر زمانی شیرنی کوردی، نەوەندەکیان پەدەوڕەماند کرد و بوارکیان بەرەو گۆشەو پێشکەوتن وسەرکەوتن وهەڵکشان برد.

لەمەی دەخۆ ئەدەبیکەدا، نووسەرانی بوارکە زۆر بەرهەمی جوانیان لەو مەیدانە پێشکێشکردووە، لە بارەی ئەو کێشانەوە، چەندین تێوڕینەوەو لێکۆڵینەوەو بابەت و مشتومڕی ئەدەبی پێشکەشکراوە، تەنانەت چەندین بەرنامەی بەرزوتوڕینەوەی زانستیی لەسەر رەهەندکان وەرگێراون. لە ئێستادا خوێندنەرانیش زۆرچاویان لە سەر خوێندنەوەی ئەو نێوانە خەمڵێنەرانەی نووسەرانی لەمڕۆخەمانە، لە هەمان کاتدا لە سەر ئەو جیهانیەکانە کەلەلایەن نووسەرانی بەسلیقەو زمان پاراوەوە لە زمانی یەکەم و دووەمەوە دەکرێنە کوردی و کتێبخانەی کوردییان پێ سەنگین ودەوڵەمەندکراوە.کەواتە لەئێستدا لەو ڕاستییە دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین: ئەمانی کوردی لەهەڵووەرجی ئێستادا لە گۆشەو پێشکەوتن بەدوورنییە، بەڵکو لەهەوڵی پڕ لە هاویشتن و گۆشەو جوڵەی بەردەوامدایە.

فریشتەکانی بەفر

(ئەمانی)فریشتەکانی بەفر، بەرهەز پێشمەرگەو نووسەر سەید ئەحمەدی حەمەلاو لە ٨٢٢لاپەڕەدا بەشێوەیەکی سەردەمیانە نووسیوەتی و ساڵی ٢٠٢٣چاپو بڵاوی کردەتە، ئەمانەکە بەشێوەیەکی جوان ونایاب لەچاپکی جواندا خراوەتە بەردەستی خوێنەران، ئەم ئەمانە بەپێدا هەڵدان و گوتن نەبەت، پێویستە زۆری خوێندەواران ئەوانەی حەزیان بەخوێندنەوەو نووسین هەیە بیخوێنەوە، شایانی ئاوێیە ئەم ئەمانە جوانە، کە بەسەلیقەیەکی ئەدەبی بەرز نووسراوەو خەماندوکردنی نووسەرەکەی پێوە دەبینرێت لە زۆربەی کتێبخانەو شوێنە ئەشنبیریەکاندا بوونی هەبەت و خوێنەرەو هەڤپەیقینی لەبارەوە بکرێت.

زمان و فەرهەنگی فریشتەکانی بەفر

نووسەری ئەمانەکە،سەید ئەحمەد، خەی پێشمەرگە نووسەر خوێنەر ئاهلی ئەشنبیری و ئەدەب کەسایەتیەکی ماندوو تەکۆشەر، زۆری ژیان وگوزەرانی لە گوندو شاخ و دەڤ و کەناری ئوبارو سەرچاوەی کانیە سازگارەکاندا بردەتە سەر، کەواتە ئەو کۆی گوندە عەشقی چیاو فیداکاریە، ئەو جگە لەوێنە چرکاندنی نەهامەتی وئەشبەڵەک وخەشی گوندو وێنەی ئەزو باخو خەڵکی بەناز کە نارگیرلە شار، تێپەینی وئاخدارو کاروگوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێش و ژیانوگوزەرانی جوتیاران وئەندەری کورد، ئەوتوانیوەتی بەکامەرای وشە جوانەکان و ئەستایەتی وشە وێنە بچرکێنە ودیمەنکان تەماربکات، ئەو وێنەکێش نیە، بەڵام دەتوانێت بەوشە ئەستێنکانی سەرزاری خەڵکی گوندو دەڤەرە جەراو جەرەکان چیرەک و ئازارو خەونی پاڵەوانەکانی بخاتە

ناو هەگبەی یادەوەری جوانەکانییەوە، ئەو پەیمان دەدات: زمانی کوردی خاوەن مێژووی بەسەرهاتی و جوانی وفەرهەنگی دەوڵەمەندە، هەزاران دەستواژەو وشەی جوانی تەکنیک بە هەڤپەیڤین و ئازارو خەم و خۆشی کۆمەڵایەتی و پاڵەوانەکانی ناو خەڵک و کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە کردووە. وەک بەفری سپی چیا بەرزەکانی کوردستان جوانییان بەکۆمەڵایەتییەکان و پێشمەرگەو شەهیدەکان بەخشیوە، زمان کلیلە جوانەکەی نەو ڕۆمان و چیرۆکەکانە، کە گرێی ڕۆداو کارەساتەکان دەکاتەوەو دەوڵەمەندی زمانی کوردی ئاوێتەی ڕۆمانەکە بەگشتی دەکات.(سەید ئەحمەد) بەسەلیقەو توانای خۆی کە زمانی بەرزو هێزوو پڕی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، دەردەکەوێت وشەو دەستواژە بەپڕو سەنگینەکانی کە دەتوانرێت وەک فەرهەنگ سەیری بکرێن لە سەرەتا تا کۆتایی ڕۆمانەکەدا بەتەکنیک و داڕشتنێکی ووردو جوان دەردەکەوێت و دەوڵەمەندی و سەنگینی ڕۆمانەکەدەخاتە ڕوو، خوێنەریش تام و چێژو تامەزرۆیی بەخوێندنەوەو شوێنکەوتنی ڕووداو ڕایەڵو سەرداوەکانی کەشەو هیواو خەونی پاڵەوانەکان بەرجەستە دەکات.

کوردو کارەساتەکان هەمیشە دووبارە

هەگبەو مێژوو جوگرافیای دەڤەری کورد دەوڵەمەندو ئاوسە، بەڕووداوە هەمە چێشنەو لایەک نەچووەکان، فرمێسکی تاکی کورد زۆر دەگمەن وشک بوونەوە دەبینێت. کارەسات وڕووداو بەشوێن یەکدا دێن و کەمیان لایەکدی دەچن، خوڵقێنەری سەرەکی لەکایە جۆر بەجۆرەکاندا جگە لە ناو خۆی خەمان دوژمن و دەسەڵاتە هەمە چێشنەکانی نەو مێژووی دابەشکردن و پارتەوازەبوونی گەلەکە، نا تەبایی شڕپێنجەی ستراتیژو ئایندەو ئامانجی میللەتێکی مەزڵوم و ستەملێکراوی نەتەوەی کوردە، پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە کوێو ژن وکچی ئەم هەگبە دەوەڵەندەی ناو کایەی مێژووی ئەم سەردەمەن(١٠)دە ساڵی دوای ساڵی ١٩٨٠تا ١٩٩٠هەگبەیەکی ئاوسە بەکارەسات و ڕوداوی نەخوازراو لایەک نەچووی ناومیژووی کورد، پشتر لەم مێژووە پڕکارەساتانەدا ئەنفال و کۆمەکوژی و چەکی کیمیاوی سوتماککردنی خاک و تاقیکردنەوەی سەرجەم چەکە جۆراوجۆرەکان کەمتر هەبوون، یان نەبوون و لە ناو جوگرافیاو مێژووی دیاریکراوی کوردا کەمبوون، بەڵام ڕۆمانی(فریشتەکانی بەفر) هەگبەکەی لەو مێژوو ڕووداوانەدا پێن وسیخناخن بە کوشتن و ئشکەنجەو زمانی تاڵو کوشتنی بەکۆمەڵ و دوکەڵی بەنداری کوشتن، لەنێو ڕۆمانەکەدا بوونی هەیەو ڕەنگدانەوەی زۆری تەدایە، پاڵەوانەکانی(فریشتەکانی بەفر) لەئاستێرەی تروێ نەکشاون بە ئەم مەملەکەتە، بەکۆو نەوەی ئەم خاک وگەلەن خاوەنی ئەم خاکەن لە ناوململانێ وکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووریەکاندا ئاوێتە

بـــــوون (مـــــام عـلی،کـریـــــم بـگ، جـلال شـــــارەزووری،عـەزیز کـەناروێی، نازدار،خـەجـە، شـەمـۆ، بـەسـە، شـلـێر، نازدار،حـەسـەن، ئـامانج، شـێخ عومـەر)(عـەمید، حـەمید،عـەمیدجـەمبوور) هـەموو ئـامانـە بـۆ زیندوو شـەهید و کوژراوانی دوژمنـەوە، قوربانی دەستی ستـەم و سوتـەو دەسـەاتـکی بـەعـەراەو دە ەقن.

پاەەوانـکانی ناو ەەمانـکە، بـۆ تایبـەتی ئـەوانی بـەشوێن مـەسـەلـەی گـەلـکـەیـانـەوە وخـەونـی ئـازادی وسـەربـەسـتی و گـێشتـن بـە ەـزگـاری لـەستـەم و زوـەم لـەناخیاندا لـەئایدیـەلـەجییاندا، رـەچووەو شـەیـتـەوەو جـەگیرو ئاوـتـەیـانـە، خاوـانی کـەسایـەتی و مـەریـاەی بـەرزی دابوونـەریت و سـەمپـەی بـەرزی کوردایـەتی وپاکین، ەەمانـکەو نووسـەرکـەی لـە هـەناوی کـەمـەگـەی پـەلـەسـتـەم و دابوونـەریتـەو کـەلـتـوورـکی ەەسـەندا چـەکـەرـەی کـردووەو تـەکـە بـەەـوداوـکـانـەن دـوەـەمـێنـدـە بـەزمـانـکی ئـەدـەبـی بـەرزوو جوان کـە لـە ناو هـەناوی کـەمـەگـەدا گـەشـەی کردووەو هـەموو دابوونـەریتـەکانی لـەبـەرچاو گرتووەو بـەەـزـەوە لـەیی دواوەو لـەناو ەەمانـکەی مامـەستا(سـەیدا ـــ فریشتـەکانی بـەفر) رـەنگدانـەوـەی قـەـەی پـەشکـەش کردووە.

شتـە جوانـەکان هـەمیشـە دـەمـێنـنـەوە

لـەنـەو گـەلانی دونیادا، دابوونـەریت فرـەن، خورـەوشت و کـلـتووری گـەلان هـەمـە چیزـەو جودا جوداو هـەمـەچـەشنن، لـەهـەندـەک خوـەوشت و دابونـەریت و کـلـتـوردا، لـەک نزیکی و زـەرجارهاوـەشیش هـەیـە، بـەـەام جیاوازی ولـەکـەنـەچویش پانتای تایبـەتی داپـەشیوـە، ئـەمـە وـەک مـەژوو لـەزـەرـەک لـەگـەلانی دوونیاوـە هاوـەشیمان هـەیـە، بـە کـلـتووریش هـەروایـە، زـەرـەک لـەبیرـەوـەری نووسان یان چیرـەک و رـەمان و ژانـرـە ئـەدـەبیـەکانی تر و هـونـەری مـەسیقاو ئـاوازو تـابلـۆ... لـەیـەکـدیـەوـە لـە تـەعـبیرکردن و نووسین وشتـەکاندا نزیکی تـەدایـە، لـە ناشیرینـەکاندا دابوو نـەریت و خـەوـەوشت و هـەـەسـەوـکـەوت و بـابـەتـە جـەراجـەرـە ناشیرینـەکـان لـە نـەتـەوـەیـەکـەوـە بـە نـەتـەوـەیـەکی تر هـەیـەو لـەنووسین و تابلـۆ ژانـرـە جـەراوجـەرـەکانـدا بـە ئـەدـەب و مـەـژووـەوـە ەەنگـەدانـەوـەی هـەیـە، رـەمانی(فریشتـەکانی بـەفر)هـەـەگری پـەیامـە جوانـەکانـە کـەشـەی گـەلـکی زوـەم لـەکراوـەو هاواری سـەربـەخـۆی بـە ئـازادی و کـەشـکـەی دـەکات، بـەـەام سیخناخـە بـەوشـەو دـەستـەواژـەی جوان و گـێاندنی دـەنگ و هاواری گـەلـکی ستـەم لـەکراوـە، لـە ناو قوـاایی مـەژوویی مرـۆقایـەتی و گـێشتـنـە بـەمافـە مرـۆقـایـەتیـەکـەی و هـەـەکـەشـانی هـەناسـەی ئـاسوودـەیی وئـارامییـە بـەکـەنارـەکانی بـەختـەوـەری.

(فریشتـەکانی بـەفر) قوـە وجوان تـەعبیر لـە خـەون و ئـازادی و هاواری نـەـژانی خوـەنی تری نـەوـکان دـەکات بـە دـەستی یـەکدی، داوای وشک

بوونەوەی فرەسکی گەلێک دەکات، داوای کۆتایی هێنان و سارێژبوونی برین و زامەکانی ناخی مرۆڤی کورد دەکات. کۆتایهێنانی هەتا هەتایی بەستەم و زوڵم، لەسەر گەلێکی بەشمەینەت وغەدرلێکراوی ئەم دوونیایە کۆشایانی ژیانی باشترو خۆشی گوڕو جوانە.. دەستخۆشبێت کاک سەید بەزمانی جوان و گەیاندنی ئازارەکان لەرێگەی گەیاندنی ژانەری ڕۆمانە جوانەکتەوە بەدونیا…خوازیاری زیاتری بەرهەمی باشترو جوانترت بێ دەخوازم.





25/11/2023

دەستکاتکی سەرکوتکەر و شۆخواز بە ناوی رژمی ئێران!.. عەبدولڕەحمان گەورکی

تێواننێک لە هەنانە سەرکاری ئیبراهیم ڕئیسی و دەرهاویشتەکانی!
عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

کاتێک بە هەی پەرەسەندن و بەرەوپێشەوەچوونی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لە ئێران و چالاکییەکانی هێزەکانی موقاومەتی ئێران، نومایشی باڵبازێنی ناو دەسەاتی ئایینی دەرکەوت، وەلی فەقیهی دەسەات بەیاری گرژبوونەوەی ڕژمەکەی دەرکرد و یەکێک لە کەسە نزیکەکانی خۆی، واتا (ئیبراهیم ڕئیسی)، خستە سەر کورسی سەرکایەتی ئاخوندان. ئەم هەنگاوەی خامنەیی سەرەتای جووڵەیەک بوو کە ئێستا نێک تەنیا خەڵکی ئێران، بەڵکو خەڵکی ناوچەی ڕژهەاتی ناوەاستیش لەی زەرەمەند بووە!
لەو ڕژانەدا نووسیبوومان کە (ئیبراهیم ڕئیسی) دەبێتە دواسەرکی ئەم دەسەاتە! ڕەنگە دەبوو کات تەپەت بە ئەوەی ئەم ڕاستیە بە هەمووان بسەلمێنرێت. ئێستا لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣)دا، زیاتر لە جاران ڕاستی ئەم بابەتە بە هەموو لایەک ڕوون بووەتەوە.
ڕاپەڕینی جەماوەری لە دژی دەسەاتی دیکتاتۆری لە ئێران و ڕەوایەتی ڕەگا و ستراتیژییی تاکە ڕکابەر و بەدیلی ڕاستەقینەی دەسەاتی دیکتاتۆریەتی ئایینی، واتە (ئەنجووەمەنی نیشتمانیی موقاومەتی ئێران)، لە یەک ساڵی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە و ئەم ڕژمە و هەروەها (سیاسەتی سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی مەزهەبی) چوونەتە دواقۆناغی خۆیانەوە.
ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر، ئەوانەی لافی ڕاپەڕین و گەل و وەتیان لێدەدا، پەناسەیان دەرکەوتووە و لە ڕەوتی زەرەک شەهیدبوون و ململانێ سیاسی و سەربازییەکاندا، دوو هێزی دژ بە یەک لە پەوەند لەگەڵ ئێران، لە دژی یەکتر ڕیزیان بەستووە کە بوونی یەکەکیان، بە واتای نەبوونی ئەویترییانە. ئەم دیمەنی ڕاستەقینەی ئەمڕی ئێرانە و لە هەمانکاتدا شێوەی چارەنووسی نەوان دیکتاتۆریەت لە لایەک و خەڵکی ئێران و موقاومەتی ئێران لە لایەکیترەوە گەیشتووەتە لوتکەی خۆی. لەم ڕووبەووبوونەوەیەدا دیکتاتۆریەت و سیاسەتی سازان لەگەڵیدا لە دەخی لاوازی و پاشکشەدایە و بە دیوەکەیتریدا، خەڵک و موقاومەتی ئێران لە

قەناغی بەرەوپێشەوەچوون و گەشەسەندندان.
ئێستا هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕە لەڕژەهێلەکانی ناوەڕاست، کە تیایدا، ڕووی شەڕخوازانەی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی، سەرنجی جیهانی بە لای خۆی ڕاکێشاوە و هەمووان لەو بڕیارەی ڕاستەقینەی بەڕێز مەسعود ڕەجەوی نزیک بوونەتەوە، کە وتبووی "سەری ماری ویلایەتی فەقیهی لە تاراندایە" ڕەژە لە دوای ڕەژە زیاتر، کەدەنگی لەسەر ئەم بڕیارە بەهێزتر دەبێت.
ئەم بڕیارە و ڕوانگەیە بەشێوەیەک بەرەوپێشەوە چووە و پەرەی سەندووە کە بەشێک لە کەس و کۆبوونەوەکانی نزیک لە دیکتاتۆریەت لە ئێران وریایی داوە بە خامنەیی کە مافی ئەوەی نییە وەاتەکیان بەرەو شەڕ ببات! بەڕێز ڕەجەوی وتی: "ئەمە، لاربوونەوەیە و بە ئاوەژوونیشاندانی کەشکەیە لەلایەن ریفەرمخوازان لە ناوەوەی دەسەڵات و هێزەکان لە دژەوی ڕژیم". هێزەکان وتیشی: "خامنەیی هەرگیز بە نیاز نییە بچێتە ناو شەڕەوە لەگەڵ ئەمریکا و شەڕی ڕاستەوخۆ بکات بەرامبەر بە ئیسرائیل. چونکە زیان دەکات و دواجار کورسیی هەژموون و ویلایەت لەدەست دەدات. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەمریکا بە چەند پشت، پشیمانە لەوەی لە عێراق کردوویەتی".
خامنەیی لە ڕۆژی ٢٢ی گەلاوێژی 2018 گوتبووی: "بەکورتی با بە دوو وشە بە میللەتی ئێران بڵێم: شەڕ ڕووبادات و دانوستان ناکەین... ئەمریکییەکانیش شەڕ دەست پێناکەن". خامنەیی بە پشت بەستن بە هێزەستی سازشتکارانی ڕژئاوایی و هێزەها بە لەسەر کار مانەوەی ڕژەمەکەی بوو کە ئێستا لە سەرەتای سالی دووەمی "ڕاپەڕینی جەماوەر لە دژی دیکتاتۆریەت"دا، پەنای بردەتە بەر شەڕخوازی لە دەرەوەی سنووری کانی ئێراندا، تا بە شەوازی خومەینی، دەرمانێک بە چارەسەری بڕینەکانی بدۆزێتەوە و ڕژەمەکەی لە ڕووخاندن ڕزگار بکات و درێژە بە دیکتاتۆریەتی خۆی بدات. بەڵام بە پێچەوانەی ئەم (هێزە حیساباتی) خامنەئی، "دەخێکە هەرگیز بڕەو دواوە ناگێتەوە و خێکی ئێران بە کەمتر لە ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت لە ئێران ڕازی نابێت".
موقاومەتی ئێران لە مەڕە ڕایگەیاندووە کە "بڕیتی خامنەیی گەورەترین ناوەندی تاوان و سەرکوتکردنە لە جیهانی ئەمڕدا" و پێویستە لەلایەن ڕێژیمی جیهانەوە بکرێتە ئامانج. موجاهیدین و موقاومەتی ئێران، وەک ئاماژەگر و پشتگیری بزووتنەوەی گەل، زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە مەیدانی سەخت و بەوچانی خەباتدان و ساتەکیش لە دوور نەکەوتوونەتەوە. هاتنە مەیدان لەم ڕگەیەدا، پێویستی بە سەرکردایەتیی لێهاتوو، کەسانی گیان لەسەر

دەست و خەباتکەر و بە باوەڕ هەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی.
بە بۆنەی بەرزکردنەوەی "کاتی ئامادەیی بۆ رووخاندنی ئەم دەسەڵاتە گەیشتووە". هێشکە، پان نەکردنەوەی سەری مارکەیە بۆ بڕد. سوپای پاسدارانی جەهل و جینایەت دەبێ بکرێتە ئامانج و لە چەک دامالرێت و هێواشنرێتەوە. پێویستە راپەڕین بکرێت" (٣ی پووشپەڕی 2019). بەرزکردنەوەی هەروەها وتی: "خامنەیی باس لە فەلەستین دەکات تا ڕەگایەک بدزێتەوە بۆ دەربازبوون لە (راپەڕین گەل) و ڕووخاندنی ڕژێمەکەی. کەواتە ئێستا کاتی بانگەشەیە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات. کاتی هێرشە بۆ سەر ڕژێم. ئەو مەزڕەی ئەو دەستنیشانی کردووە دەبێ تەک بدرێت و بەسەر خەیدا کەڵەک بکرێت. نەک ئەوەی لە بەرانبەریدا، بە کەوزانەوە داوای لێبکرێت وەڵات بەرەو شەڕ نەبات!"
لە راستیدا، "خامنەئی لە خوای دەویت ئەوندەی بکرێت، کەشکە لەردا کەتایی پێ بیت و چار بکریت"، بە ئەوەی بتوانێت خەی وەک "براوە" لێم شەکردنەدا نیشان بدات و "هیچ دەخ و هاوسەنگییەکیتر بەسەریدا نەسەپێنرێت". خامنەئی دەیەوێت لە دژی ڕاپەڕینی گەل بووەستێت و سەرکوتکردن و لەسدارەدان لە ئێران زیاتر بکات و لە ژێر ڕەشنایی ئەو هەنگاوەشدا، سایی داهاتوو نومایشی گەینی ئەندامانی مەجلیسی نوێنەرانی ڕژێمەکەی، بە ناو هەڵبژاردن ئەنجام بدات و لە دەرەوەی سنووورکانیش، وەاتانی ناوچەکە بدەنگ کات و دواقس لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە بە خەی بهەڵێتەوە. لە درێژەی ئەم سیناریۆیەدا و لەسەر ئاستی جیهانیشدا، هەنگاوەکی زیاتر هەڵبگرێت و خەی زاڵ بکات بەسەر چارەنووسی وەاتاندا!
دوا وتە!
دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی، دامەزرێنەر و لایەنی سەرکیە لە شەی ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا! ئەوانەی حاشا لەم ڕاستیە دەکەن، لە ریزی ئەو کەسانەدان کە باس لە سازان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە دەکەن. کەمەک تەماسان لەمجەرە نکۆیکارانە، هەموو ویژدانێک دەگەیەنێتە ئەو ڕاستیە کە ئەوان هاوپەیمانی ئاشکرا و ڕاستەقینەی دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتی ئایینین لە ئێران. هەر ئەوانەن کە بە درێژایی مەژووی ئەم چەند دە ساڵەی ڕابردوو، بە شێوازی جۆراوجۆر، هەکاری لەسەر کار مانەوەی ئەم ڕژێمە بوون و لە جەگەی پانکردنەوەی سەری (مار)ی دیکتاتۆریەتی خوێنڕژی مەزهەبی، ئەو (بەرد)ە دەبەستنەوە کە لە سەری مارەکە گیراوە. هەر ئەو کەسانەن کە بە کوشتنی میرغەزەبی وەک (قاسم سلیمانی و ئەسەدەڵا لاجەوەردی و سەیاد شیرازی و ...) ماتەمیان گەڕا! لە خۆرا نەبووە کە بینیمان چەناوچەن لە جەگەی

(دەسەڵاتی دیکتاتۆری) لە ئێران، خەڵک و موقاومەتی ئازادیخوازانی دەکردە ئامانج و ڕاپەڕینی ئەم گەلەیان بە (تووندوتیژ) دەنواند!

مەرگی مامۆستا "جیهان تەها" لەنێوان دەنگی خۆکوژی و گومان لەتیرۆرکردنیدا!.. تاهیر عیسا

بیست و شەشی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ ، لە میدیا کوردیە جۆراوجۆرەکاندا، هەواڵێکی دڵتەزێن کە وەرگێڕانی ئۆتۆمبیلێک و گەرتن و دواتریش بەداخەوە گیان لەدەستدانی شوفێرەکەی بوو بەناوی مامۆستا "جیهان تەها"لە ناوچەی بلێی قەزای مەرگەسەردا، بڵاوکرایەوە.

دوترا کە مامۆستا جیهان تەها خۆی پێشبینی مەرگی خۆی کردووەو لەلاپەڕەی فەیس بوکەکەی خۆی نوسیویەتی ڕۆژگارم بەرەو مەرگەو مەرگ بانگم دەکات، چەند کاتژمێرێکیش دوای بڵاو بوونەوەی ئەم نوسینەی کاتژمێر هەشتی شەو دوای دورکەوتنەوەی دێیان کیلەمەتر لە شوێنی نیشتە جێبوونەکەی کەشاری هەولێرە، ئەم ڕووداوەی بە دڵتەپڕەش و لەلایەن بەرگری شارستانی ناوچەکەوە کە بلێو بارزانە، هەواڵەکە بە میدیاکان ڕادەگەیەندرێت.

ئەمەش بەومانایەی کە مامۆستا جیهان تەها بەمبەستی خۆکوژی لەهەولێر دوورکەوتەتەوە.

بەڵام کاتێک نامەی بڵاوکراوەی ئەم چەند ڕۆژەی خوشک و براکانی دەخوێنیتەوە، ڕووداوەکە زۆر تەم و مژاویی و گومانئاویەو لە سیناریۆی دەسەڵاتدارانی زۆنی زۆرد دەچێت.

هەر ئۆکاتێ هەواڵەکە جێگای گومان بوو، بەڵام بەو دڵیلەی کەسو کارەکەی ئەو کاتێ شتێکی ئۆتۆیان لەبارەیەوە نەدرکاند، من وەک خۆشم گومانەکەم لەسەری ڕەویەوە.

بەرنامەی دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک، لەو کارەساتە، نامەی خوشک و برایەکی لە میدیاو تۆڕی کۆمەڵایەتیەکاندا وەک گومان لەمردنی خوشکەکیان بۆ او کرایەوە.

ئەوەی زیاتر گومان دەخاتە سەر ڕووداوەکە و گومانی ئەوە لەلای هەر ئینسانێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست سەبارەت بەمەرگی مامۆستا جیهان دروست دەکات ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:-

- مامۆستا جیهان تەها ئەکتەرو شانۆکارو مامۆستای وانەبێژو کۆسایەتی هەڵسوڕاوو ناڕازی ناو مامۆستایانی وانەبێژبوو.

- ئەو هەڵسوڕاوی ناو مامۆستایان لەزەنی زەردی ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و پارتەکەیان بوو.

- لەمیدیادا دەردەکەوت و وەک مامۆستای وانەبێژی ناڕازی قسەو لەدوانی هەبوو.

- لەزەنی سۆزدا مامۆستایان لە باری بایکۆت و ناڕازایەتیدا بوون

- مامۆستایانی زەنی سۆز چاوەڕوانییان لە هەڵوێستی مامۆستایانی زەنی زەرد هەبوو بۆ پشتگیری و هاوپشتی و بردنە پێشی جوڵانەوە چینایەتیە بەرحەقەکەیان بۆ بەدەستهێنانی خواست و داواکاریەکانیان.

